لێکۆڵینەوە

# چاوگێڕانێک بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی

## غادە ئەلسەمان و سیمۆن دوبوڤوار

وەرگێڕانی: چنوور نامیق

بەپێی بۆچوونی غادە ئەلسەمان و سیمون دوبوڤوار لەم جیهانەدا دوو ڕاستی پێچەوانە هەیە، یەکەمیان ڕاستی واقیع یاخود جیهان وەکو ئەوەی کە هەیە، لەگەڵ ئەو هەموو ئازار و کارەسات و ڕق و شۆڕش و مەرگ و برسێتی و جەنگانەی کە تێیدایە، ئەوی تریشیان لە پێشکەشکردنی ئەم جیهانە لە ڕێگەی تێڕوانینێکی نموونەیی بەپێچەوانەی واقیعەوە خۆی دەبینێتەوە.



غادە ئەلسەمان



سیمۆن دوبوڤوار

ئەم دوو ناکۆکییە هەردوو نووسەری وا لێ کرد نارەزایی خۆیان دەربڕن، سیمون دوبوڤوار لە کتێبی (یومیات امریکیە)دا، کە وەسفی شاری نیویۆرک دەکات دەڵێ:

«ئەم شارە چاودێر و درەوشاوەیە، ئەو شارەی کە سەلمێنەری ئەوەیە دەسەڵاتی مرۆڤ بەخۆی

ڕاستیی ئەم جیهانەیە، بەڵام لە پشتی ڕوناکیەکانیەوە ڕاستییەکی دیکە دەشارێتەوە، کە ڕاستی شەڕە، کە بەرپرسە لە زۆربەی دەردەسەریی ئەم جیهانە، کاتێ ٣/٢ مرۆڤایەتی بەدەستی برسێتییەوە دەناڵێنن.

غادە ئەلسەمان لە چاوپێکەوتنێکیدا کە بۆ محێدین سوبحی دەئاخڤێ، دەڵێت: «کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکانم زۆربەیان درک بەوە دەکەن کە ٣/٢ دانیشتووانی جیهان لە ئێستادا هێشتا لە پێناوی بوونی بایۆلۆژی خەبات دەکەن، یاخود لە پێناوی دابین کردنی خۆراک و پۆشاکدا لە ململانێدان لە دژی هێزی شەڕانگێزی بەشەرییەت. ئەوەی کە لە بڵاوکراوە فەرمییەکاندا بە ئیستیعمار و ئیمپرالست ناو دەبرێ، ئەم ململانێیەش لە پێناوی بەرقەراربوونی دادوەری، توانایان بەفیڕۆ دەدات، تا وای لێ دێ لە ململانێیان لەگەڵ نامۆیی مرۆیی گەورە لە بەردەم مردندا سەرقاڵیان دەکات.

ئەگەر هیچ چارەسەرێک نەبێ لە بارەی ئەوەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەمرین، ئەوە هانمان دەدات کە دوو جار نەمرین، جارێکیان بەڕێگەی خاکەساریی مرۆیی، کە دەکرێ ڕووبەڕووی ببیتەوە و نەیهێڵی، دووەم جاریش بەو مەرگەی کە لە ئەزەلەوە بۆمان دانراوە هیچ چارەیەک و دەربازبوونێکمان نییە لێی،[1] ئەم نائومێدییە کە جیهانی پڕ کردووە وای لە سیمون دوبوڤوار کردووە، هەر لە منداڵییەوە ئەوی بەرامبەر بدوێنێ بەهەموو ئەو ڕێگایانەی کە بوونیان هەیە، بۆیە هەر لە پانزەساڵییەوە لە بەردەم کارەساتی مەرگ بڕیاری دا ببێت بەنووسەر و دەربارەی هەموو شتێک ڕاستی بڵێت: «ڕاستی هەر ڕاستییەک کە سەرنج ڕاکێش بێت و بتوانێ خزمەتی مرۆڤ بکات»[2].

هەروەکو چۆن غادە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ جلیلە حفصیە وا دەڵێت:

«من دەنووسم کەواتە بوونم هەیە» چرکەسات هەیە هەست دەکەم پیشەیەکی کلۆڵم کردووە بەحیرفە، تەنیام وەکو زەنگە ژنگگرتووەکەی کڵێسەیەک کە هیچ کەسێک ئامادە نییە تەلەفزیۆنەکەی بەجێ بهێڵێ تا سەردانی بکات»[3]

هەردوو نووسەر بیرێکی تیژ و توانایەکی باشی تێبینیکردنیان هەیە، گەشتەکانیان زەمینە خۆشکەر بوو بۆ نەشونماکردنی تواناکانیان، وەسفکردنیان بۆ شوێنەکان ئەوەندە وردە تا ئەو ڕادەیەی کە بە«ڕێبەری گەشتوگوزار» دادەنرێ، هەروەها شارەزاییەکی باشیان لە بارەی ئەدەبی جیهانییەوە هەیە، ئەو کتێبانەشی کە لە نووسینەکانیاندا ناویان دەبرێت بەسەرچاوەیەکی ئەدەبیی گرنگ دادەنرێ، بەڵام جیهان بەفراوانی و گەورەیی مرۆڤ تیادا

نیشتەجێیە، هەر مرۆڤیشە توانای گۆڕینی جیهانی هەیە، مەبەستی پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی فراوان لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا، هەردوو خانمە نووسەر ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانیان بەکارهێناوە.

ڕۆمان، یاداشت، چیرۆک، هەوڵە ئەدەبی و فەلسەفییەکان و سینەما و شانۆ و شیعر.

*** چیرۆک و ڕۆمانەکان**

خۆ نووسینەوە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی سیمون دوبوڤوار پێکدێنێ، لەسەر ڕووپەڕی کتێبەکانیدا باسی ژیانی خۆی دەکات، تاکو خوێنەر سوود لەو ئەزموونانە وەربگرێت کە نووسەر پیایدا تێپەڕیوە، خوێنەر دەچێتە ناو جیهانێکی دیکەوە و لەناو جیهانێکی تردا نوقم دەبێ، کە پەیوەندیی پێوە نییە، هەروەها پەیوەندیی بەکەسایەتیشییەوە نییە، ئەمەش وا دەخوازێ کە بەرپەرچی واقیع بداتەوە و بچێتە ناو کۆشی خەیاڵەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە سیمون لە خەیاڵ بێ بەش بێت یان جگە لە نووسینەوەی ژیانی خۆی توانای نووسینی تری نییە.

خانمە کارەکتەرەکانی «الصور الجميلة» و «المرأة المحطمة» لە سیمون دوبوڤوار ناچن لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی ڕۆڵی کەسایەتیی زۆر نێگەتیڤی وەکو کەسایەتیی مۆرییل ببینێ، بۆ نموونە لە «مۆنۆلۆج»

ئەگەر ئاوڕێک لە سەرەتا ئەدەبییەکانی سیمۆن دوبوڤوار بدەینەوە، دەبینین بەڕۆمانی «المدعوە» دەست پێ دەکا، بەڕای ئەو ڕۆمان باشترین ژانرە بۆ ئەو کە دەتوانێ لە ڕێگەیەوە ئەزموونی مرۆڤ دابماڵێ لەم جیهانەدا.

«ئەم ڕۆمانە توانای دەیوەدەرکردنی دونیای بەرجەستە و مێژوویی هەیە، لە هەمان کاتدا ئەزموونێکی کامڵ لە ڕێگەی پەی بردن بەخەیاڵ، دەخاتە بەردەستی خوێنەر، ئەمەش لە کتێبە فەلسەفییەکانی جیای دەکاتەو»ە، لێ غادە وەکو چیرۆکنووس و ڕۆژنامەوان چووە ناو دنیای ئەدەبەوە.

سەرەتا بەچیرۆک دەستی پێ کرد. یەکەمین هەوڵە ئەدەبییەکانی «عيناك قدري» بوو کە لە ساڵی ١٩٦٢، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردەوە. پاشان لە کتێبێکدا کۆی کردەوە، بەو حوکمەی کە ڕۆژنامەوان بوو، هونەری کورتە چیرۆکی بەلاوە ئاسانتر بوو، یەکەمین ڕۆمانی کە (بەیروت ٧٥)ە پاش ١٣ ساڵ لە نووسینی بڵاوکرایەوە و جیهانی عەرەبی هەژاند.

هەندێ لە ڕۆمانەکانی سیمۆن دوبوڤوار ئەمانەن:

(المدعوة، دم الاخرين، كل الرجل مائتون، المثقفون، عندما يتفوق الروحي، الصور الجميلة و کۆمەڵە چیرۆکی امرأة محطمة).

هەندێک لەو ڕۆمانانەی کە غادە نووسیونی:

(بيروت ٧٥، كوابيس بيروت، ليلة المليار و هەروەها کۆمەڵە چیرۆکی: عيناك قدري، ليل الغرباء، رحيل المرافئ القديمة، زمن الحب الاخر) کە بەشێکە لە کۆمەڵەی بەرهەمە نیوەچڵەکان.

کتێبەکانی سیمۆن دوبوڤوار تەژییە لە درێژەدان و ئاماژە پێکردن و ڕووداوی جۆراوجۆر کە بەرای خۆی مۆرکی ڕاستیی دەدا بەڕۆمانەکەی، ئەوەی جێی باسە ژمارەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکانی زۆرن، ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ نووسەر کە چەندین ڕاو بۆچوون و هەڵوێستی جۆراوجۆر پێشکەش بکات و هەمیشە هەوڵی خۆشاردنەوە دەدات لە پشتی کاراکتەرەکانی (هەمان حاڵەت لە ڕۆمانەکانی غادە ئەلسەمان دەبینرێت) لەوە زیاترمان پێ ناڵێت کە ئەوان دەیزانن. بەڵام لەبارەی دنیای ڕۆمانەکانییەوە ئەوە تێکەڵەیەکە لە ئاگایی و گێڕانەوەی ئەم کەسەیەتییانەی کە ناسنامەی خۆیان لە ڕێگەی قسەکردن یاخود هەتا لە ڕێگەی بێدەنگیشەوە بەدەردەخەن... تا ئەم سنوورە، سیمۆن دوبوڤوار هیچ لەسەری ناڕوا، یاخود هیچ بڕیارێک نادات.

بۆ نموونە لە چیرۆکی مۆنۆلۆجدا خوێنەر لە خۆدواندنەوە دەزانێ مۆرییل چییە و هەڵوێستی چۆنە و ئەو ڕووداوانە چین کە بەژیانیدا تێدەپەڕن. کاراکتەری ناو ڕۆمانەکانی یەکەمی هەوڵی دۆزینەوەی مەغزای ڕاستەقینەیان بۆ ئەم جیهانە تەمومژاوییە دەدەن، لە سەرەتادا نووسینەکانی درێژ بوون و گفتوگۆ و مۆنۆلۆجی زۆری تێدا بوو، بەڕادەی نزیکبوونەوەی ڕۆمان لە قسەی ئاسایی، ئەوەش ڕاستێتی و واقیعییەت دەبەخشێ بەڕووداوی ناو ڕۆمانەکە، بەرامبەر بەوەش لە ڕۆمانەکانی دواییدا شێوازێکی دیکەی پەیڕەو کرد لە پێشکەوتنیدا، گفتوگۆکانی کورت کردەوە و مۆنۆلۆجەکانیش چڕتر بوون.

هەروەها هەندێ ڕستەی بەکراوەیی و هەڵواسراوی بەجێ هێشتووە. دەربارەی کاتی ڕۆمانیش، لە ڕۆمانەکانی دواییدا کورت کراوەتەوە، بەوەی زەمەنی ڕۆمان درێژایی چەند ساڵێک ناخایەنێ، بۆ نموونە لە وێنە جوانەکاندا زەمەن تەنها ئەو کاتەیە کە لۆرانس پێویستی پێی بوو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە مێشکی کچەکەی داگیرکردبوو،

بۆچی خەڵکانێکی بەدبەخت هەن»؟

دەربارەی ڕۆمـانەکـانی غـادە ئەلسـەمـان ئەوەی سـەرنج ڕاکێشـە تەنیـا ئەو خـێـراییـە زەمـەنیـیـە نیـیـە کـە ڕووداوەکـان تیـایدا تەواو دەبن، بەڵکو خـێـرایی نووسـەریشـە لە بەرهەمهێنانی ڕۆمان.

هەروەها ڕۆمانەکانی بەوردەکاریی زانیارییەکانی بەدەردەکەوێ، تەمەنی کەسایەتیەکان، گۆرانی وەرزەکان، مێژووی ڕووداوەکان... هتد.

لە ڕۆمـانی (بەیروت ٧٥)دا دەسـتـپێکی ڕۆمـانەکە بەم شـێـوەیەیە (خـۆر گڕگـرتوو و تیـژە) بەم دێرەش کۆتایی دێ «سـەرمـایەک تا سـەر ئێسک دەمـبـڕێ» ئەمـەش زەمەنی دەسـتـپـێکی ڕۆمـانـەکـە دیاری دەکـات کـە لە هاویندایە و لـە زسـتـانـدا کـۆتـایی دێت، هەرەوەهـا غـادە پاژەکانی ڕۆمـانەکەی بەڕووپەڕی سـپی لە ناوەوە جیـا دەکاتەوە لە ڕۆمـانی (ليله المليار)دا بەندەکانی ڕۆمانەکەی بەسێ ئەستێرە لە یەکتر جیادەکاتە، بەڵام لە (کوابیس بیروت)دا بۆ هەمان مەبەست سێ خاڵی یەک لە دوای یەکی بەکارهێناوە.

هەروەها لە کۆتایی هەر ڕۆمانێکدا زەمەنی دەسپێکردنی نووسینەکەی و زەمەنی کۆتایی پێهێنانی دیاری دەکات.

بەڵام ئەگەر بپرسین، بۆچی غادە بەئەنقەست لە تەکنیکی گرێچنی ڕۆمان کشـایەوە وەکو ئەوەی لـە ڕۆمـانـی (الوضـع البـشـری)ی ئـەندریە مـالرۆ دەیبـیـنین، هۆیەکـەی ئەوەیە کـە دەیویست تەکنیکی ڕیپۆرتاژ لە ڕۆمـاندا بەکار بێنێ کە ڕووداوەکانی ماوەی ئەو قـەیرانەی پێـدەچـێ کـە چارەسـەری دەکـات، هەروەهـا غـادە پـەیڕەوی شـێـوازی ئـەو دەسـتـەواژە ناجێگیرانەی کرد کە پڕن لە ئامرازەکانی (الأنا) و شێوازی مۆنۆلۆجی ناوەکی دەنووسێت، کە بە باشترین شێوازە ئەدەبییەکانی دادەنێ بۆ دەربڕینی هەستەکانی ڕاڕایی و هەڵچوون و ترس و چاوەڕوانی: کاتێ دێ لێی ناپرسم لە کوێ بوو و گـازەندە ناکـەم و هیچ شـتـێک ناڵێم، لە چاوەڕوانی و بێ دەنگیدا دەمێنمەوە، چاوەڕوانم لە سێدارە بدرێم، بەڵام ناتوانم گفـتوگۆی ئەوەی لەگەڵ بکەم، لە کـاتێکدا ئەو بەردەوام نکۆڵی دەکات، تەنهـا ئەوەندەم لە تواناداية چاوەڕوانی لە سێدارەدانم بکەم تاکو دوای ئەوە لێی بپرسم بۆچی؟(٤)

هەمـوو کـارەکتـەرەکـانی غادە لە خـولگەی چارەنووسی هـاوبەش دەخـولێنەوە ئـیدی چی شەڕ، مردن یان خۆشەویستی بێت.

سـەرەڕای زۆریـی ژمـارەی کـارەکـتـەرەکـانی غـادە، لـە سـاتگەلێکی دیاریکراو لە ژیانـیـان

دەریان دەخات، زۆر جار ساتی کەوتنیانە کە بەخوێنەری ڕادەگەیێنێ، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی خوێنەر نەبا بکەوێتە هەمان داوەوە.

ئەم شێوازەش وای لە هەندێ ڕەخنەگر کرد، غادە بەوە تاوانبار بکەن کە چیرۆک بەنرخی ڕۆمان دەنووسێ، ئەویش بەم جۆرە وەلامیان دەداتەوە:

«پەنجەرەکان بۆ شنەبایەکی تازەتر بکەنەوە، بۆ شێوازێکی نوێ، لێم گەڕێن با سوود لەو دەرفەتە سەرسوڕهێنەرکانی جیهانی عەرەبیمان وەربگرم کە بەدەستی کلتووری کەڵکەبووەوە دەناڵێنێ: نەبوونی کلتورێک بۆ ڕۆمان.(٥)

لێرەدا ئەبێ ئەوە بووترێ کە ڕۆمانی عەرەبی لە دایکبووی کاریگەریی ڕۆژئاوایییە و گرنگترینیان ڕۆشنبیری فەرەنسییە و پاشان ڕۆشنبیری ڕووسی و لە کۆتاییشدا ڕۆشنبیری أنکلو ئەمریکییە کە لە بایەخی ئەدەبی فەرەنسی و ڕووسی کەم ناکاتەوە کە لە هزری نووسەرانی عەرەبدا چەسپیوە. بەردەوام وجوودییەت ئەو گەنجانەی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا کە نووسینەکانی سارتەر و کامۆ و سیمۆن دوبوڤواریان دەخوێندەوە.(٦)

*** یاداشتەکان:**

سیمۆن دوبوڤوار گێڕانەوەی بەشێوازی (الأنا) گرتەبەر هەروەکو لە (مذكرات فتاة رصينة، يوميات أمريكية، قوة العمرة)دا ئاشکرایە.

لەگەڵ بەدیکردنی جیاوازی لە شێوازی گێڕانەوەدا لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی تر، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی هزری نووسەر لە نووسیندا کە هاوتەریبە بەپێشکەوتنەکانی ژیانی.

لە (مذكرات فتاة رصينة)دا سیمۆن چیرۆکی ژیانی خۆی هەر لە دایکبوونیەوە بەشێوەیەکی ڕوون دەگێڕێتەوە. بەشێوەیەک کە پەیڕەوی ڕێکخستنی زەمەنی دەکات کە بەم شێوەیە:

کاتژمێر چواری سەر لە بەیانی، ڕێکەوتی ٩ی کانونی یەکەمی ١٩٠٨ز لە ژوورێک کە کەلوپەلەکانی سپییە، دەکەوێتە سەر شەقامی ڕاسپای لە دایک دەبێ، پاشان بەردەوام دەبێت و چیرۆکی منداڵی و هەرزەکاری و خوێندنی لە زانکۆ و هاوڕێتییە پتەوەکانی دەگێڕێتەوە و چەند پەڕەیەکی تەواو لە بارەی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەلیزابێث پڕ دەکاتەوە کە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەبێتە قوربانی توندوتیژی خێزانەکەی، بەلام سیمۆن وای لێهات لە

ڕوانگەی ئێستاوە ڕابردوو دەگێڕایەوە، هەموو بەیانییەک پێش ئەوەی چاوم هەڵبێنم سەرەتا سەرێک بەجیهانەکەمدا دەکەم، نوێنەکەم و ژوورەکەم دەناسمەوە ئەگەریش پاش نیوەڕۆیان لە ماڵەوە خەو دەمباتەوە ئەوە شتێکی ئاساییە گەر ڕاپەڕم و بپرسم، بۆچی من منم؟

ئەوەی زیاتر توشی سەرسوڕمانم دەکات –وەکو منداڵێک کە تازە ناسنامەی خۆی بناسێتەوە– ئەوەیە لێرەدا ببینمەوە. ئێستا و بەتایبەتی لە ناو ئەم ژیانەدا، نا لەناو ژیانێکی تردا، چی ڕێکەوتێک هێشتی ئەمە وابێت کاتێک لە دەرەوە سەیری ژیانم دەکەم، وا دەبینم، سەیر لەوەدایە کە لە بنەڕەتدا لە دایک بووم.(٧)

کەواتە لێرەدا ئێستا بۆ ڕابردوو دەڕوات و ڕابردووش بۆ ئێستا دەگەڕێتەوە، بەڵام بیرۆکەی ئەوەی کە لە پاش خۆم جەستەیەک دەمێنێتەوە، جۆرێک پەیوەندیی سەیر لە نێوان خۆم و جەستەمدا دروست دەبێ»(٨).

کەواتە دەرچوون بەرەو داهاتووە، بەڵام غادە ئەوەی ڕاگەیاند کە ڕۆژێک یاداشتەکانی دەنووسێتەوە و دەستی کرد بەنووسینی زنجیرەیەک ڕۆمان لە ژێر ناونیشانی «الاعمال الروائیە غیر الکاملە» ژیاننامەی خۆی و هەروەها چەند کۆپلەیەک لە بیرەوەرییەکانی و بەڵگەنامە و ئەزموونەکانی لە هەردوو کتێبی (الجسد حقیبە سفر) و (غربە تحت الصفر) تۆمار کراوە کە چەندین لایەن لە ژیانی نووسەر بەدەردەخەن.

لە سەرەتای جەنگی (لوبنان)دا موشەکێک بەر ماڵی غادە کەوت لە بەیروت ژمارەیەک لە دەسنووس و بڵاوکراوەکانی سووتان، پاش ئەوەی بڕیاری دا بەرهەمەکانی لە زنجیرەیەک بڵاوبکاتەوە لە ژێر ناونیشانی (الاعمال الغیر کاملة) کەواتە «کارە نیوە چڵەکان» چونکە ئەوی هیوای نووسینی باشتری دەخوازی.

لە (في الجسد حقیبة سفر)دا غادە باس لەو ساڵانە دەکات کە لە لەندەن بۆ خوێندن بەسەری برد، هەروەها لە بارەی گەشتەکانییەوە، لە ئەوروپا و جیهاندا بەڕاستگۆیی بۆ خوێنەری دەردەخات هەروەها ڕاستی هەست و باری ڕوحی خۆی ئاشکرا دەکات.

کتێبەکە بەیەکەمین گەشتی غادە دەست پێ دەکات کە لە ٦ی تەمموزی ١٩٦٤، لە شاری لەندەنە... و بەدوایین یادگاری کە لە ٢٥ی ئایاری ١٩٧٦ لە جنێفدا کۆتایی دێ.

لە (غربة تحت الصفر)دا ئەو حاڵەتی نامۆیی و کۆچکردنە وەسف دەکات کە لە ئەنجامی شەڕی لوبنان ڕوودەدات.

باس لە ڕووداوگەلێک دەکات کە لە تاراوگە پێیدا تێپەڕی یاخود شایەدحاڵە لێی «ئەگەر مرۆڤ لە تاراوگە جۆرێک ئاسایش بەدەست بێنێ، ئەوە ناگەیێنێ ئارامی ناخی بۆ دەگەڕێتەوە»

*** شانۆ:**

لەم بوارەدا سیمۆن دوبوڤوار ستایلی گفتوگۆی شانۆیی ڕاستەوخۆی پەیڕەو کرد لە کاتێکدا کە دەیویست سەرنجی خەڵکی بەلای کێشەیەکی دیاریکراودا ڕابکێشێ کە بایەخی شیاوی پێ نادەن.

هۆی ئەو ناونیشانەی کە سیمۆن بۆ تاقە شانۆگەرییەکەی هەڵبژاردبوو کە «الافواه اللامجدیە»یە، ئەوەیە کە (٣/٢)ی جیهان بەدەستی برسێتییەوە دەناڵێنێ، هەروەها غادە ئەلسەمانیش تاقە شانۆگەرییەکی نووسیوە بەناونیشانی (الطوفان) لە کۆمەڵەی «زەمەن الحب الأخر» کە لە یەک بەش پێکهاتووە، کە ناتوانرێ شیکردنەوەیەکی لۆژیکیانە و باوەڕهێنەری بۆ بکرێت، دەتوانرێ بەئەدەبی فانتازیا و ناماقوڵ بژمێردرێت، تیایدا غادە ڕوودەکاتە ڕۆشنبیرە عەرەبەکان لە هەوڵێکدا بۆ باوەڕهێنان بەباری گومان و تەمومژ و ئەو ناواقیعییەتەی کە ئاگایی و بوون و ناسنامەی کۆمەڵایەتی لە مرۆڤ دادەماڵێ.

*** سینەما:**

هەروەها سینەماش کاریگەریی هەبوو بەسەر سیمۆن دوبوڤوار و غادە ئەلسەمانەوە بۆ نموونە لە نووسینەکانی غادە دەبینین چۆن تەکنیکی سینەمایی پێوەی دیارە، لە جیاتی بەشەکان دیمەنەکانی بەکاردەهێنا، لاپەڕە سپێکانی ناو کتێبەکانی بەرامبەر بەو ماوە تاریکانە دەکەوێت کە لە نێوان دیمەنەکانی هەندێ فلیم دەیبینین.

هاتوچۆ لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا لەلای غادە بەڕێگەی فلاش باک، باس دەکرێت.

لە فلیمی سیمۆن دوبوڤوار کە لە دەرهێنانی دایان و مالکا ریبۆنسکا بوو، سیمۆن دەیویست کار بکاتە سەر بینەران ئەویش لە ڕێگەی وێناکردنی ئەو بەدبەختیانەی کە تیایدا ژیا بوو، وەکو ڕووداوەکانی هنگاریا، ساڵی ١٩٥٦، یاخود بەهاری براغ لە ساتی ١٩٨٦، هەروەها (المرأة المحطمة) لەسەر شاشە نمیاش کرا.

ئامانجی سیمۆن لە نمایشکردنی هاندانی بینەر بوو بۆ دۆزینەوەی هەندێ ڕووداوی ژیانی ڕۆژنەمان.

*** شیعر:**

سیمۆن لە بواری ئەو ژانرەدا نەینووسی، بەڵام غادە بەچەندین کۆمەڵە شیعری خۆی خوێنەری سەرسام کرد لەوانەش (حب، اعلنت عليك الحب، اعتقال لحظة هاربة، اشهد عكس الريح)... هتد

لە ڕێگەی هۆنراوەی ئازادەوە لە دێڕەکانی غادەوە هەستیاری وشە سەردەردێنێ و لە هەمان کاتدا گۆرانی بۆ خۆشەویستی و مەرگ و ئازار دەچڕێ...

هەروەها شیعری غادە لەگەڵ شیعرەکانی (نازك الملائكة و فدوى طوقان) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی ئەویش لە ئەنثۆلۆژیای پرۆفیسۆر جۆن عسفور.

*** ناوەندەکانی ڕاگەیاندن:**

غادە ئەلسەمان و سیمۆن دوبوڤوار گرنگی ڕۆڵی ڕاگەیاندنیان لە بیر نەکرد، لە گواستنەوەی بیرو بۆچوونەکانیان...

ڕۆژنامەگەری ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ژیانی غادە ئەلسەمان بەوەی کە هەمیشە پیشەی سەرەکی بوو و باشترین پرد بوو لە نێوان ئە و خوێنەرەکانی.

ئەو نووسەر و ڕۆژنامەوان بوو، ئامارەکانی ئەوە بەدەردەخەن کە لە نێوان ساڵانی (٦٩ – ٨٤) نزیکەی چوارسەد چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام دراوە، ئەمە جگە لە ژمارەیەک کە ناکرێ باس نەکرێت لەوتار، کە لە ڕۆژنامە عەرەبییە جیاوازەکاندا بڵاوی کردبووەوە لەوانەش (الاسبوع العربي) و (الحوادث).

لە لایەکی ترەوە پاش جەنگی لوبنان لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسمان کرد، بڕیاری دا، چاوپێکەوتن و وتارەکانی لە کۆمەڵێک کتێب کۆ بکاتەوە لە ژێر ناوی (الاعمال غير كاملة) کەواتە (کار نیوە چڵەکان) بەپێی بڵاوبوونەوی ناویان بەم شێوەیە (زمن الحب الأخر، الجسد حقيبة سفر، السباحة في بحيرة شيطان، ختم الذاكرة بالشمع الاحمر، اعتقال لحظة هاربة، مواطنة متلبسة بالقراءة، الرغيف ينبض كالقلب، ع غ تتفرس).

لە (ع غ تتفرس)دا، غادە ئەو کۆمەڵە بەدواداچوون و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیانەی کە هونەری ڕۆژنامەوانی تێکەڵ بەهونەری ئەدەبی دەبێت، کە تێیدا زۆرپرسی مرۆیی تیشک دەخاتە سەر هەموو بینراوەکان، ئەویش لە نامەیەکی دانپێنانەوە

دەستی پێکرد کە لە پیاوی کارێکەوە بۆیی هاتبوو، کە دوای ململانێیەکی ئابووری خۆی کوشت ئەمیش بەدوای داوەکانی تۆڕەکە کەوت لە گەڕانی بەدوای ڕاستیی نێوان هاوسەری ئەڵمانیی پێشووی و شەریکەکەی دیکەی و کەسانی تر کە ناویان لەو نامەیەدا هاتبوو.

«القبيلة تستجوب القتيلة، البحر يحاكم سمكة، تسكح داخل جرح» چەند کتێبێکن لە کۆمەڵێک چاوپێکەوتن پێک دێ کە ژمارەیەک لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسان لەگەڵی سازیان کردووە، تیایدا تیشک دەخاتە سەر چەند وێستگەیەک لە ژیانی تایبەتی و ڕوانینی بۆ کۆمەڵگە و سیاسەت و ئەدەب و پرسی ئافرت و ئازاد بوونی. لە (الاعماق المحتلة)، غادە گەواهی ئەوە دەدات کە چۆن مرۆڤ بەدوای جەنگ دەکەوێت، ئەو جەنگانەی کە تەنها جیهانی مادیی دەرەوە وێران ناکەن، بگرە ناخی هەموو مرۆڤێک وێران دەکات.

بەڵام لەبارەی سیمۆن دوبوڤوار، لەگەڵ جان بول سارتەردا گۆڤاری (الازمنة الحديثة)ی دامەزراند کاتێک پێ داگری کرد لەسەر قەناعەتی سیاسی و ڕۆشنبیری خۆی ئیدارەی گۆڤاری (قضية الشعب)ی وەرگرت.

پەراوێزەکان:

(١)- محي الدين صبحي مطارحات في القول (ص ١٥٨)

(2)- S. de Bls Forcedes choses.

(٣)- الصحافة (جريدة تونسية باللغة الفرنسية) عدد ١٢٥٩ مقابلة مع غادة السمان.

(٤)- غادة السمان بيروت ٧٥.

(٥)- نبيل سليمان الرواية السورية دمشق ١٩٨٢.

(٦)- حسام الخطيب سبل المؤثرات الاجنبية واشكالها في القصة السورية، ١٩٨١.

(7)- S. de Beauvoir memoires d’une Jeune fille bien rangee (p. 11)

(8)- S. de Beauvior Tout Compte fait 1972. (p. 51)

**ژێدەر:**

تحرر المرأة عبر اعمال سيمون دوبوفوار و غادة السمان.